Bundesamt
für Migration
und Flüchtlinge

# با رینماییت بکەین

## خزمەتگوزارییەکانی
## ڕاوێژکاریی بۆ کۆچبەران

SORANI



Integration

JUGEND
MIGRATIONS
DIENSTE

MBE
Migrationsberatung
für erwachsene Zuwanderer



# خزمەتگوزارییە بێبەرانبەرە تاکەکەسییەکان بۆ کۆچبەری بەکار بهێنە:

## ڕاوێژکاریی کۆچ بۆ گەورەساڵان (MBE) و خزمەتگوزاریی گەنجان (JMD)

**ڕاوێژکاریی تاکەکەسی یارمەتیت دەدات**

لەسەرەتای هاتنە ئەڵمانیا، زۆر شت بۆت سەیر و نەناسراو دەبێ. تەنانەت گەر ماوەیەکی زۆریش لە ئەڵمانیا بی، ڕەنگە هەندێک پرسیارت هەبێ کە بتهەوێ وەڵامەکانیان بدۆزییەوە.

هەربۆیە ڕاوێژکاری و پشتیوانیی تاکەکەسی کە بۆ یارمەتیدانی تۆ دروست کراوە، یارمەتیت دەدات. تاڕادەیەک بۆ هەموو دەرفەتەکانی ژیانی ڕۆژانە، یارمەتی و پشتیوانیی تاکەکەسی پێشکەش دەکات. لەم ڕێگەیەوە فێر دەبی بۆ ئەوەی کاروبارەکانی خۆت بۆخۆت بکەی و بڕیاری سەربەخۆ بدەی.



## خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکان بۆ کۆچبەرانی گەنج و گەورەساڵ

خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاریی بۆ گەورەساڵان، کۆچبەرانی گەورەساڵی سەروو 27 ساڵ پێشکەش دەکات.

خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاریی بۆ گەنجان، ئەو گەنجانەی ئەزموونی کۆچبەرییان هەبووە و تەمەنیان لە نێوان 12 بۆ 27 ساڵە پێشکەش دەکات.

لەڕاستیدا دەتوانی لەڕێگەی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاریی کۆچبەری بۆ کۆچبەرانی گەورەساڵ و هەروەها خزمەتگوزارییەکانی کۆچبەرانی گەنج پەیوەندی بگری. پاش یەکەمین دانیشتن، قۆناغەکانی دیکە لە لایەن دامەزراوە ڕاوێژکارییەکانەوە بۆ تۆ دیاری دەکرێن. و دۆخی تاکەکەسیی خۆت و خێزانەکەت لەبەرچاو دەگیرێت.

## دەرفەتی باشتر لەڕێگەی ڕاوێژکاریی تاکەکەسی

فەرمانبەرەکانی ناوەندەکانی ڕاوێژکاری بەگشتی لە زمانی وڵاتەکەی تۆ تێدەگەن. هەروەها ئەوان شێوازەکانی بیرکردنەوە و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، کلتووری و ئایینی تایبەت بە تۆ دەناسن. ئەوان لەگەڵ ئێوەدا پلانێک دادەڕێژن کە دەتوانێ لەگەڵ هەنگاوە سەرەتاییەکانی ژیان لە ئەڵمانیادا ئاشنات بکات. تەرکیز لەسەر توانست و زانستە تایبەتییەکانت دەبێ. تۆ دەزانی کە کام یەک لە پێشنیارەکانی پشتیوانی بۆ مانەوە لە ئەڵمانیا بۆ تۆ ئاسانتر دەبێ.

لەم خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییانەدا دەتوانی بەدواداچوون بۆ هەموو بابەتەکانی ژیانی ڕۆژانە بکەی، بۆ نموونە:

- پرسیارە یاساییەکان لەبارەی ئیقامە
- فێربوونی زمانی ئەڵمانی (بۆ نموونە لەڕێگەی بەشداریی لە خولی ئاوێتەکردن)
- فێرکاریی قوتابخانەکان، فێرکاریی پیشە (بۆ نموونە قۆناغەکانی چوونە قوتابخانە، ڕێگەکانی فێربوون، دەستنیشانکردنی شیاویی پیشەیی)
- کار (بۆ نموونە ڕێکخستنی داواکاریی کار، گەڕان لە شوێنی کار)
- دۆخی ئابووری (بۆ نموونە داهات، دەرماڵەکان، قەرزەکان)
- نیشتەجێبوون (بۆ نموونە گەڕان لە شوێنی نیشتەجێبوون، دابینکردنی تێچووی نیشتەجێبوون)
- تەندروستی و لەشساخی (بۆ نموونەی بیمەی دڵنیایی تەندرووستی، چاوەدێریی پزیشکی)
- دۆخی تەندروستیی تاکەکەسی (بۆ نموونە کێشەکانی تەندروستی)
- هاوسەرگیریی، خێزان و پەروەردە (بۆ نموونە دووگیانی)
- هاژۆتنی ئۆتۆمۆبێل و هاتووچۆ (بۆ نموونە مۆڵەتی شۆفێری، هاتووچۆی گشتی)
- گەشتوگوزار، وەرزش و کاتی بەتاڵ (بۆ نموونە پێشنیارەکانی کاتی بەتاڵ، ئەندامێتیی لە یانەکاندا)
- چالاکییەکانی ڕۆژانە (بۆ نموونە کڕین، پەیوەندی کردن بە بەرپرسەکانەوە)

## پێسنیارە تایبەتەکانی خزمەتگوزاریی کۆچبەریی گەنجان، بۆ ئەو گەنجانەی ئەزموونی کۆچبەرییان هەیە

یەکەم جار کە گەنجان دەچنە وڵاتێکی بیانی، بۆیان سرنجڕاکێش و هاوکات سەختیشە. لە قوتابخانە، لە پەروەردە و شوێنی کار، و کاتی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نوێ، ئەوان تووشی ئالنگاریی تایبەت دەبنەوە. خزمەتگوزارییەکانی کۆچبەریی گەنجان، ڕاوێژکاریی تاکەکەسی، پشتیوانیی فراوان و پێشنیاریی گرووپی تایبەت بە گرفتەکان و پرسیارەکان تایبەتەکانت پێشکەش دەکات.

و لەوێدا هەندێک پیشنیاری دیکەی وەکوو ئەم بابەتانەی خوارەوە دەتوانن بدۆزنەوە:

- قوتابخانە و سیستەمی پەروەردە
- پەروەردەی تاکەکەسی و پلاندانانی پیشەیی (بە هاوکاریی ئاژانسە زۆجێیەکانی دۆزینەوەی کار)
- بەشداریی لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، کلتووری و سیاسی
- لەپەیوەندیی لەگەڵ میدیا نوێیەکاندا، بەتایبەت بەرنامەکانی فێربوونی زمانی ئەڵمانی




## ڕاوێژکاریی ئۆنلاین

جگە لە ڕاوێژکاریی تاکەکەسی، لە دوو بەرنامەدا، ئیمکانی ڕاوێژکاریی ئۆنلاینیشت دەدرێتێ. ڕاوێژکاریی ئۆنلاینی "mbeon" و پۆرتاڵی ڕاوێژکاریی jmd4you یارمەتیت دەدەن کە وەڵامی پرسیارەکانی خۆت لە ماوەیەکی کورتدا بدۆزییەوە!

لەڕێگەی mbeon، ڕێنمایی و پشتگیریی تاکەکەسی لەڕێگەی چەتت بەدەست دەگات و دەتوانی بە شێوەی شەو و ڕۆژ پرسیارەکانت بکەی. ڕاوێژکاریی لەڕێگەی بەرنامەی mbeon پێشکەش دەکرێت و بە زمانە زیاوازەکان لەبەردەستە. لە mbeon ئەو ڕاوێژکارانە دەدۆزییەوە کە بە زمانی تۆ قسە دەکەن و لەبەر تۆ لەوێن.

- www.mbeon.de

ڕاوێژکاریی ئۆنلاین بۆ هەرزەکارانی تا تەمەن 27 ساڵ لەبەردەستە. دەکرێ پرسیارەکان زۆر بە ئاسایی لە ڕێگەی چەت یان لە نزیکەوە بکرێن. وەڵامدانەوە لەڕێگەی فەرمانبەرە خاوەن ئەزموونەکانی JMD ئەنجام دەدرێت.

- ئەڵمانی *www.jmd4you.de*، و هەروەها
- ئینگلیسی *www.your-way-in-germany.org*
- ڕووسی *www.putjwgermaniju.org*
- تورکی *www.almanyayolu.org*
- عەرەبی *www.bousaletuk-fi-almanya.org*
- ئەڵبانیایی *www.udherrefyesi-gjermani.org*

هەمیشە دەتوانی لەبارەی ئەندامەکانی خێزان، هاوڕێیان، هاوکارەکان، هاوپۆلییەکان، هاوماڵییەکان یان ئەندامەکانی یانە وەرزشییەکەت ڕاوێژکاری وەربگری.

زانیاریی زیاتر وەدەست بهێنە و پێشنیارەکانی ڕاوێژکاریی بێ بەرانبەر بەکار بهێنە!

## لە کوێ دەتوانی زانیاریی زیاتر لەبارەی خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری وەدەست بهێنی؟

دەتوانی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاریی تایبەت لەبارەی ڕێکخراوەکانی ناوەی خۆت وەدەست بخەی

- نووسینگەی بەڕێوەبەری خۆجێیی، شاری یان هەرێمی (Gemeinde-, Stadt- oder Kreisverwaltungen)
- ئەنجوومەنە پەیوەندیدارەکان بە خۆشبژێویی نایاسایی نەتەوەیی ئەنجوومەنی خۆشبژێویی کرێکارەکان (Arbeiterwohlfahrt)، ئەنجوومەنی کاریتاسی ئەڵمانیا (Deutscher Caritasverband)، ئەنجوومەنی پرۆتیستانی دیاکۆنی و گەشەپێدانی ئەڵمانیا (Diakonie Deutschland-Evangelisches Werk für Diakonie und Entwicklung)، خاچی سووری ئەڵمانیا (Deutsches Rotes Kreuz – DRK)، ئەنجوومەنی خۆشبژێوی و یەکسانیی ئەڵمانی (Deutscher Paritätischer Wohlfahrtsverband)، نووسینگەی ناوەندی خۆشبژێویی جوولەکەکان لە ئەڵمانیا (Zentralwohlfahrtsstelle der Juden in Deutschland)
- ئەنجوومەنی ئاوارەکان (Bund der Vertriebenen)
- ئەنجوومەنی نێودەوڵەتی (Internationaler Bund)
- ئەو ڕێکخراوانەی کە بەرپرسی چالاکیە کۆمەڵایەتییەکانی گەنجانن (Träger der Jugendsozialarbeit)
- بەڕێوەبەرەکانی خولەکانی ئاوێتەکردن (Träger der Integrationskurse)

## دەتوانی زانیارییەکان لەسەر ئینتەرنەت لەڕێگەی:

- *www.bamf.de/DE/Themen/Integration/ZugewanderteTeilnehmende/BeratungErwachsene/beratung-erwachsene-node.html*
- *www.mbeon.de* و
- *www.facebook.com/mbeon.chat*
- *www.jugendmigrationsdienste.de*!

## لەبارەی بڵاوکردنەوەدا

**هەڵەچن:**
Bundesamt für Migration und Flüchtlinge
Nürnberg 90461

**کاتی پێشکەشکردن:**
10 / 2020

**چاپ:**
Silber Druck oHG, Lohfelden

**ئامادەکردن لە:**
MediaCompany – Agentur für Kommunikation GmbH

**وێنەی جێگەی متمانە:**
,istock / sturti, istock / lisegagne, istock / SDI Productions
BAMF / Bildkraftwerk / Thomas Geiger

**داواکردن:**
Publikationsstelle des Bundesamtes für Migration und Flüchtlinge
www.bamf.de / publikationen

نووسینەگی بڵاوکردنەوەی بەرێوەبەڕایەتیی کۆچ و پەنابەریی:
www.bamf.de / publikationen

ئەم بڵاڤۆکە لە لایەن بەڕیوەبەڕایەتیی فیدیڕاڵی کۆچ و پەنابەریی وەک بەشێک لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان بڵاو دەکرێتەوە. بە بێ بەرانبەر بڵاو دەکرێتەوە و بۆ فرۆشتن نییە.

سەردانمان بکەن
www.facebook.com/bamf.socialmedia
@BAMF_Dialog
www.bamf.de

**Other Language ?**
www.bamf.de/publikationen